# ژن، خاکێکی داگیرکراو



ڤینۆس فایەق

ئـــەو ململانێیەی وا لەنێـــوان ژن و پیاودا، لەوەتەی ســـەریهەڵداوە هەتا ئیســـتا یەکلانەبۆتەوە و یەکلاش نابێتەوە، چونکـــە ململانێیەکە لە واقیعدا لەســـەر دەســـەڵات (سیاسی و بەڕێوەبردن) و هێزی ئابووری دروســـتبووە. لەهەمـــوو قۆناغـــە مێژووییەکانـــی مرۆڤایەتـــی پیاتێپەڕیوە ئـــەو ململانێ جەندەریەی نێـــوان ژن و پیاو هەر وەکوو خـــۆی ماوە و بەڵکوو پەرەی سەندووە و لەهەندێ قۆناغیشدا شێوەی تری وەرگرتوە.

ئەگەرچـــی لـــە قۆناغی کۆمەڵگای ســـەرەتاییدا ژن رۆڵ و پێگـــەی بـــاڵای هەبوە، بـــەڵام لەگەڵ پێشـــکەوتنی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان و پەرەسەندن و پێشـــکەوتنی هۆکانی بەرهەمهێنان وردە وردە ئەو ململانێیە سەریهەڵداوە کەهەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بەوشـــێوەیەی کە ژنی ملکەچی پرنسیپێکی نوێ کردوە لەسەر بنەمای دابەشکردنەوەی رۆڵەکان لەکۆمەڵـــگادا، کە ژن دەگێڕێتەوە ناو ســـنوورێکی دیاریکـــراوە و، لەئارامـــی و بەرقەراربوونی ژیانی خێزانی و پاراســـتنی شـــەرەف بەرپرس دەبێت. بەو شێوەیەش ژن پێگەی ئابووری خۆی لەدەستدەدا، کە یەکەمین قۆناغ بوو بۆ لەدەستدانی پێگەی سیاسی و بەڕێوەبردن و بڕیاردان.

لەگەڵ ســـەرهەڵدانی قۆناغـــی دەرەبەگایەتی ئیتر پیاو توانی بەتەواوەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بۆخۆی قۆرخ بکات. دوای ئەوەش بۆ زیاتر قایمکردنی پێگەی خۆی پیاو پەنای برد بۆ توندوتیژی لەدژی ژن و، قۆرخکردنی هەموو سەرچاوەکانی ئابووری و سەروەت و سامان و بەپیاوکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاری سیاسی و ئیداری و، دواتر بێئیرادەکردنی ژن و سڕینەوەی هەموو خەسڵەتی مرۆڤایەتی لە ژن و زەوتکردنی هەموو ماف و ئازادیەکانی، بۆ ئەوەی توانای هیچ بەرهەڵستی و روبەڕوبوونەوەیەکی نەبێت. لەبەر ئەوەی روبەڕوبوونەوە و شۆڕشـــکردن پێویستی بە هێزی ئابووری و توانای بەشداریکردنی سیاسی و توانای بڕیاردان و سووربوون لەسەر سەندنی ماف و ئازادیەکانی.

لەمـــەوە لەوە تێدەگەین کە ململانێی نێوان ژن و پیاو ململانێیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و قایل نەبوونی پیاو بە پرنســـیپی هاوبەشی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵـــگا و وڵات و ئابووری وڵات. قایل نەبوونی پیاو بە دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەردوو رەگەزدا لەســـەر بنەمای شایســـتەیی و توانا و لێهاتوویی. هەربۆ ئەو مەبەستەش کۆششی بێ وچانی کردوە بۆ بەنێرینەکردنی یاساکان و بەنێرینەکردنی دەسەڵات و هەتا دواجار دینیشی وەکوو فاکتەرێکی ئایدیۆلۆژی خستۆتە خزمەتی ئەو پرنسیپەوە، بەمەبەستی ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر لە رێگەی شەریعەتەوە بداتە دەست پیاو بۆ ئەوەی ژن هێنـــدەی تر لە ژیانی کۆمەڵگا دوور بخاتەوە و یەکەمین هەنگاو چەســـپاندنی دین وەکوو بنەما بۆ یاســـادانان بەبڕگەیەکی ســـەرەکی لەدەستووردا..

ئـــەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە هەمیشـــە ژنم وەکوو خاکێکـــی داگیرکراو دێتە بەرچاو، کە دەبێت رۆژێك لە رۆژان لەرێگـــەی شۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتیەوە رابەڕێت، بەڵام بە یاریـــدەی هێزی ئەو گەنجانەی کە لەباوەشـــی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری لەدایکبوە و باوەڕی تەواوی بە یەکســـانی نێوان هەردوو رەگەز هەیە و، باوەڕی بەهەموو توانا و ئامادەگی هەیە و هیچ کێشەیەکی لەگەڵی نییە.

لە کوردستانی ئێمەدا هەر لە سەردەمی شاخ و پێش ســـەردەمی شاخیشـــەوە ژن رۆڵی باڵا و ئازایانەی گێڕاوە، بەڵام هەمیشـــە وەکوو ســـەربازێکی ون و لەســـێبەردا ماوەتـــەوە، چونکە ئەســـڵەن ئەو حزبە سیاســـیانە ئەگەر پەیڕەو و پرۆگرامێکی جوانیشی هەبێـــت، بەڵام هەمیشـــە بەنەفـــس و عەقڵیەتی پیاوانە چووە بەڕێوە و بوونی ژن لەناو ئۆرگانەکانی حزبەکاندا هەمیشە لەپشتەوە و لە سێبەردابوون، بۆیە دوای راپەڕین و قۆناغی ئازادیش هێشـــتا ئەو رۆڵە گرنگە بە شایســـتەیی و لێهاتووی خۆی نەدراوەتە ژن.

ئـــەوەی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بگۆڕێت، یەکەم باوەڕبوون و ئیمانی پیاو بەدەســـتهەڵگرتن لە دەســـەڵات و قایلبوون بە دابەشکردنی لەگەڵ ژندا. دوەم خودی ژن خۆی کە دەبێت باوەڕ بە توانای خۆی بهێنێت و هەڵگیرســـانی شۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتی بە زەروورەت بزانێت و هەنـــگاوی بۆ بنێت. هەڵبەتە چەندە سەختە خاڵی یەکەم بێتەدی، بەهەمان شێوەش سەختە خاڵی دوەم بێتەدی، چونکە هەر بە ئەزموون تاقیبۆتەوە کە زۆرجار کەمتەرخەمی ژن و قایلبوونی بە پلەبەندی دووەم لەدوای پیاوەوە و باوەڕنەبوونی بە تواناکانی و ماف و ئازادیەکانی وایکردوە دۆزەکەی لەو خاڵەی ئێستایدا چەقببەستێت.

بـــاوەڕ و قەناعەتی تەواوم هەیە بەشـــداری فیعلی و تەواوەتـــی ژن لە ژیانی سیاســـی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبێتە ســـەرەتایەك بۆ لەناوبردنی حکومڕانی تاکڕەوی و شمولی پیاوانە و سەرهەڵدانی ئەزموونی دیموکراسیەتی راستەقینە.

venusfaiq@gmail.com

# کچانی وڵاتی بەفرو زەماوەندی خەجیجە

**(کارەکتەری ئەم بەسەرهاتە هەموویان لە ژیاندا ماون)**

لەناو هۆڵــی زەماوەندو شــایی، ئەو خەڵکەی بەجلوبەرگی ئاڵوواڵاوە دەبینی کە لە ئاهەنگی بووکێنییەکەیدا کەیفشادانە هەڵدەپەڕین، حەزی لێ بــوو ئەمیش لە جێی خۆیەوە هەســتێت و لەگەڵ زاوادا کە بیست و چوارساڵێك لە خۆی بەتەمەنترە ســەمایەك بۆ مەرگی خۆی بکات، ئەمێك کە دوو ســاڵێك دەبــوو بەهۆی جەنگی براکوژییەوە، خۆشەویستە بێ سەرو شوێنەکەی شاربەدەربوو، چ لەدوورو چ لە نزیکەوە هیچ سۆراغ و هەواڵێکــی نەبوو، هەواڵی ئەو کامەرانەی کە ماوەیەکی درێژ مۆمی حەزو عیشق و ئارەزووی لە ناخی ئەمدا دادەگیرســاند، لــە نائومێدی ساتەوەختە داســەپاوەکانی گەمارۆی ئابووری مەملەکەتەکەیانەوە، ئومێدی ژێرتارای بووکێنی پێ بەخشــیبوو، کاتێك جەنگەکە هەڵگیرســا هەموو ئومێدی عاشقانەی خەجیج و کامەران کە هەردووکیان هاوتەمەن و هاو پۆل و هاوگەڕەکی یەکتر بــوون، بــە ئومێدەکانی سەرتاســەری ئەویندارانی تری شــارو گوندەکانیشــەوە هەر هەمووی بەســەر یەکتردا دارمان، هەرگیز ئەو بەیانییــە باراناوییەی کە بایەکی تەزی دەهاتێ لەبیر نەچۆتەوە، کامەران هاتە لایی بۆ یەکەمین جاربــوو لــەدوای ڕاپەڕینــە جەماوەرییەکەی نیشــتمانەوە، ڕدێن و سمێڵی خۆی پاك بتاشێت تا بەو شــێوە تاس و لووســەو بە ناســنامەی ســاختەوە لە بازگەکانەوە بە سەلامەتی خۆی دەرباز بــکات، لەدوای لەئامێزگرتنێکی توندی یەکتر کە بەســەر بلوزو قەمسەڵەی ئەستوورەوە لەشــی یەکتریــان گەرم کــردەوە، خەجیج پێی وت نابێــت لێم دوور بکەویتــەوە، بێ تۆ ناژیم، کامەرانیش چپانی بــە گوێچکەی چەپیدا کە لەگەڵ هەناسەی گەرمی کامەراندا گوارەکەی گوێی خەجیج دەلەرزی و پێی وت گەردەتەوێ وەك مەڕی ناو مێگەلێك بــۆ ســەربڕین بمهێڵیتــەوە!! با شــە نارۆم... هەردووکیــان

چاو بە فرمێســکەوەو لەبەر نمە نمی بارانەکەدا هەڵم لــە گۆنایان هەڵدەســتاو ئیتر چیدی تا ڕۆژی ئــەم ئاهەنگەی بووکێنی خەجیج کە لە پێناوی ڕزگارکردنی خوشك و برا بێ باوکەکەیدا لەو برسێتییەی ساڵانی گەمارۆ کە ژیانی لێ تاڵ کردبوون، سەر بە هەوێ و لە پێناوی چوونە هەندەران شــووی بە خاڵەســەعیدی بازرگان کــردووەو بە گوێرەی حەزی ئەم زاوا پرچ ماش و برنجییە، رووخســاری مردوو ئاسای خەجێیان لە سووراو سپیاوو پۆدرەوە سواغ دا، بە مەرجێك خاڵە ســەعید ئاگاداری وردو درشتی پێوەندییە عاشــقانەکەی کامــەران و خەجیجیــش بووە، ئێســتا لەو بڕوایەدایە بە پــارەو زێڕەوە دەیکاتە دیلــی حەزەکانی و بەتامەزرۆیی لەناو جێگەی خەوتنــدا دەیگەوزێنێــت و کامەرانی پێ لەبیر دەباتــەوەو خەمەکانی دەتارێنــێ، ئەمەی لەبن باڵی خاڵە ســەعیدایە دڵ و ڕۆحی خەجیجی ڕاستەقینە نییە، تەنیا جەستە ئاوریشمیەکەیەتی لە ناو جلێکی ســپی بووکێنیــدا پێچراوەتەوە، چەنــدە خەجیج لەم ئاهەنگــی مەرگی دڵەی خۆی پەســت و زگار بووە، هێندەش گلەیی لە کامەرانــی دڵدارییەتی کە نەیتوانیوە لە پێناوی عەشــقە رۆحیەکەی خۆیدا فیداکاریی بنوێنێت و پێــی وایە خۆ کامــەران دەیتوانی لە فیکرو مەبدەئــی وازی بهێنایەو تەبریەی لە پارتەکەی بدایەو عەشــقەکەی بــە شــایانتر بزانییایە تا چارەنووسی دڵخوازەکەی بە پێچەوانەی ڕەنگی کراسی بووکێنیەکەیەوە ڕەش نەبوایە، خەجیجی فریشــتەیان بە هەلهەلەوە هەڵســتان تا کێکی شیرینی بەکرێمی پێ ببڕن، بەسیمایەوە دیاربوو کە لە جەوهــەرو کرۆکدا چ تاڵاوێك ســەری زمانی گرتووەو چۆن عەشــقێکی بێ ســۆراغ نامرادانە دڵشــکاوو پەرێشانی کردووە، ئاقیبەت ئەمەتا لە پاڵ مێردێك کە لەتەمەنی باوکیدایەو قاشــێکی گەورەی کێکی بــۆ ڕاگرتووەو پێی دەڵێــت دەی ئۆخــەی، بەقوربانی ئــەو لێوە یاقووتــەت بــم دەی بخۆ دەم قــوت، چەندین مانگ و ســاڵ بە ئومێدی ئــەو ڕۆژەوە بوو کە کامەران شــیرینیەك بکا بە دەمییەوەو لێوی بە ماچان داپۆشــێت، ئیتر بەم شــێوەیە خەجیج لەبەردەم ســەعیدا زاری چووەتە کلیلەو هەر لە ئێستاوە لە نیگا قووڵەکانی ژێر برژانگە تێکچڕژاوەکانی دەترسێت، ئاخۆ دەبێت چ شەوانێکی قورس و گیانپروکێن لەگەڵ ئەم لەشە قەڵەوەی سەعیدا بباتەسەر، بە دەهۆڵ کوتانەوە بەرەو دەرەوەی هۆڵ

بەڕێیان کردن، عەشــامەت بــە دەوری یەکتردا هەڵدەقوتــان و هەڵدەپەڕین، بێ ئەوەی ئاگادار بن لــەو ڕازە پەنهانەی دڵــی بوکەخان ئەگەر دەزانن چ بۆنســووتێکە ناخی، ڕەنگە سەمای مەرگــی لە هەمــووان گەرەك بێــت، خەجیج لەگەڵ هەر نسکۆیەك کە بە هۆی پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیــەوە دەیدا، دوور کەوتنەوەو نســکۆی ڕۆحیی عەشــقەکەی لەبەر دەرگای هۆڵەکەدا دەخستە پێش چاوانی خۆی، زاوای بەتەمەنیش بە شــەوق و زەوقەوە هەر دەست وپلە بەستەڵەك ئاســاکانی خەجیجەی ڕادەکێشــاو پەلەی بوو بیگەیەنێتە هۆتێل و پەردەی کچێنی بپشکنێت، دوورکەوتنەوەی کامەران ئەمشــەو تاڵاوەکەی بەسوێتر و بە ئازارترە بۆ خەجیجە، نەهاتنەوەی حەقیقەتی عەشــقێکە لە وجودی قوربانییەکی سەر زەمین، تا پێش ئەم ئاهەنگەش کات بەسەر نەچــوو بوو بۆ گەڕانەوە، بەڵام هەر ئەمشــەو دیالۆگی نێوان براکانی نیشتمان شکست خواردو بووەو کاتی گەڕانەوەی عاشــقەکانیش بۆ لای دولبەرانیان دوا دەکەوێــت، خەجیجیش دەبرێتە بەســتەڵەکی مەنفای هەندەران، هەندەرانێ بێ ڕۆحی یارەکەی تابلۆیەکی شــێواوە لە چاوی دولبەردا، ئەمشەو سەعید هەر لێرە لە هۆتێلێکی چوار ئەســتێرەییدا خوێنــی کچێنی لە خەجیج دەوێت، ئەوجا دەیباتە وڵاتی بەفر، بۆیەشــە لە وڵاتی بەفرا کچی نەخواستووە چونکە کچانی ئەوێ شــەوی بوکێنییان بە بێ خوێنرشــتنە، هەر ســاتێ بیانەوێ کامەرانەکانی دڵداریان لە یانەیەکی سەمای شــادیدا حازرن و، هیچ مام ســەعیدێکیش ناتوانێت لە ناو بەفرا، بە تارای بوکێنییەوەو بە پەیامی خوێنڕشــتنی کچێکی مناڵــکاری پاکیزەوە چارەنووســی عاشــقێك تــا ئەبەد بە خۆیەوە زەوت بــکات. ڕەنگە هەر ئەمشــەو کامەرانیش لە سەنگەرێکدا گەرخوێن بە سنگیشــیەوە نەبێت، بە بیستنی ئەم هەواڵی زەماوەندە خوێن بە دڵیدا داچۆڕێت.



# کێ بەرپرسە لەزیادبوونی ڕێژەی



ئا: ڕۆشنە عومەر

جیابوونەوەی هاوسەران لەکوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەکە لەزیادبوونە بەپێی ئەو ئامارەی دادگای هەولێر کە لەساڵی ٢٠١١ لەماوەی ٩ مانگ واتا لــە(٢٠١١/١/١ تاکو ٢٠١١/٩/١) لەهەر چــوار پارێزگاکانی کوردســتان ڕێژەی جیابوونەوە بەم شــێوەیە بووە، لەشــاری هەولێر (١٤٥٨) ســلێمانی(٥٣٦) دهۆك (٤٩١) کەرکــوك / گەرمیان (٣٨٣).

هەروەها بەشــێکی زۆریش کە نەنووسراوە، ئەم ئامارە ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ڕێــژەی تەڵاق لەزیاد بووندایەو دەتوانین بڵێین ڕێژەی پرۆســەی هاوسەرگیریش ڕوو لەکەمبووندایە، سەبارەت بەم بابەتە ڕابۆچوونی چەند کەسێنکی شارەزامان بۆوەرگرت .

مامۆســتا یوسف عوسمان پسپۆری دەروونزانی دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی جیابوونەوە لەنێوان هاوســەران وتی : مادام گریبەســتێك بۆدروستکردنی پرۆسەی هاوســەرگیری هەیە، ئاساییە کە جیابوونەوەش هەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو ژن و پیاوە نەتوانن پێکەوە بەردەوامبن، ئەوا تەڵاق دروســت دەبێت، بێگومان دوو جۆرە تەڵاقمان هەیە تەڵاقی ســادەو ســاکار تەڵاقی ئاڵۆز، تەڵاقی سادە و ساکار ئەو جۆرە تەڵاقەیە کەمنداڵ لەنێوانیاندا نییە ئەوکاتــەی کەئەو ژن و پیاوە بەیەکەوە ناگونجێن دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە هەڵبژاردنی هاوســەریان لەسەر بنەمایەکی هەڵە بووە یان لەژێر فشــاری کەسوکاردا ئەم پرۆســەیەیان پێکهیناوە، ئیتر بڕیاری لێکجیابوونەوە دەدەن، لەم کاتەدا چانســی دروستکردنەوەی ژیانی نوێیان ئاسانترە هەردووکیان دەتوانن بچنە نێو پرۆسەیەکی تازەوە، بەڵام تەڵاقی ئالۆز یان تەڵاقی ڕەش ئەم جۆرە تەڵاقەیان لەکاتێکدایە کەمنداڵ هەبێت، کێشەو گرفتی زۆرە لەبەر ئەوەی کە منداڵەکە زیان بەرکەووتوی یەکەمە و ژنەکــە زیان بەرکەوتووی دووەم دەبێــت، پیاوەکە زیان بەرکەوتووی سێیەم دەبێت. لەبەر ئەوەی منداڵەکە دەدرێتە دایکەکە ئیتر ئافرەتەکە چانســی شــووکردنەوەی کەمتر دەبێت، چونکە ئــەو منداڵە دەبێتە ڕێگرێك بۆئافرەتەکە بۆئەوەی شــوو بکاتەوە، هەمیشــە ئەو منداڵە وەك ڕێگرێــك دەبێت بۆ ئەو دایکە لەهەمووژیانیدا، بەڵام پیاوەکە بەئارەزووی خۆی دەتوانێت پرۆســەی هاوسەرگیری دروســت بکاتەوە، لێرەشدا دەتوانین بڵێین دایکەو منداڵەکە گەورەترین زیانیان بەردەکەوێت، زۆر جار بەهۆی تەڵاقەوە منداڵەکە زایەع دەبێــت لەبەر ئــەوەی کەس نایگرێتە خۆی، نە دایکەکە نە باوکەکە». مامۆســتا یوســف وتیشی «هەندێك لەزانایانی دەروونی دەڵێن تەکنۆلۆژیا هۆکاری سەرەکییە بۆ زیادبوونی تەڵاق، بێجگە لەو دراما دۆبلاژکراوانەی کە تەلەفزیۆنەکان بڵاوی دەکەنــەوە کاریگەری زۆری هەیە بۆ زیادبوونی تەڵاق، بێگومان هۆکاری تریش هەیە بــۆ زیادبوونی تەڵاق وەك ئەنتەرنێت و فەیســبووك مۆبایل هەموو ئامرازەکانــی تری تەکنۆلۆژیا کە ئەمانە هەمووی کاریگەری زۆریــان هەیە بۆ زیادبوونــی تەڵاق و هەڵوەشــاندنەوەی خێزانەکان، زۆرجار پیاوێك لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی نادیار بۆژنەکەی هاتووە ژنەکــەی تەڵاقداوە، لەبەر ئــەوە تەکنەلۆژیــا گەورەترین پاڵنەری زیادبوونــی تەڵاقە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، بێگومان هەندێکجار بەهۆی تەدەخولی کەســو کارەوە تەڵاق دروســت دەبێــت و دەبێتە فاکتەرێکی زیادبوونی تەڵاق». دواتر هەر سەبارەت بەهۆکارەکانی کە دەبنەهۆی جیابوونەوەی هاوســەران وتی «نەبوونی ماڵی جیا لەزۆر باردا کچان پێش چوونە ژیانی هاوســەرییەوە مەرجی پێشوەخت دادەنێن بۆ بوونی ماڵی جیا لەســەر کوڕان، بەڵام بەهۆی بێتوانایی گەنجانی وڵاتی ئێمە لەلایەنی ئابوورییەوە زۆرجار ئەم کێشانە بەجیابوونەوە دەگەن. بۆیە ئەرکی حکومەتە کە شــوێنی نیشــتەجێبوون بۆ خێزانە تازە پێکهاتووەکان بکات و بەنرخێکی گونجاو بەکرێ بدرێتە گەنجان. بوونی فاکتەری داوێن پیسی بێگومان ئەم حاڵەتە لەهەرێمی کوردستان بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لەسەر ژیانی خێزانی بەشــێکی بەرچاو لەخێزانەکان یان بەهۆی ئاشکرا نەبوونییەوە یاخود بەهۆی ناچاری لایەنێکی ژیانە هاوسەرییەکە بەتایبەتی (ئافرەتان) چاوی خۆیانی لێدادەخەن .

پێویستە ڕێگە لەهاوســەرگیری هەڵەو هاوسەرگیری لێك تێنەگەیشت و بگرین

کوردستان زرار توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکوان لەبواری کاری ڕێکخراوەکان لەشــاری هەولێر دەڵێت «بێگومان تەڵاق لەهەموو کۆمەڵگەیکدا هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە کەئێمە هەوڵبدەین ڕێگە لەهاوســەرگریی هەڵەو هاوسەرگیری لێك تێنەگەیشــتن بگرین، بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەهاوســەرگیری نادروست نەدەین و هەوڵبدەین زەواجێکی مەدەنی بونیاد بنێین کەلەسەر لێك تێگەیشتن و بڕوا بەخۆبوون دروســت بووبێت،کە بەشێکی چارەســەرکردنی گرفتەکانی تەڵاق لەدەست کچان و کوڕان خۆیاندایە کەپێویســتە لەمەسەلەی هاوسەرگیری زۆر وردبین بن و هەمیشە بتوانن بڕیار لەســەر خاڵەکان بدەن و کاتێك کچ و کوڕێك لەقۆناغی خۆشەویستیدان هەوڵبدەن لەیەکتری تێبگەن و ڕووی ڕاســتەقینەی خۆیان بەیکتری پیشــان بدەن و بەهیچ شــێوەیەك درۆ لەگەڵ یەکتردا نەکەن، پێموایــە بەپێچەوانەی ئەوەی کە کۆمەڵگــە بڕیار دەدات کە زوو زەواج بکرێــت زەواج لەکاتێکدا بکرێت کە هەردوولا لەیەکتــری تێبگەن. دەبێت ڕێکخراوەکان بەرنامە بــۆ ئاییندەی ئافرەتان دابنێن بۆ دەستنیشــانکردنی ئاییندەیان، تائیســتا ڕێکخراوەکان زیاتــر گرنگی بەمافەکانی ئافرەت دەدەن، بەڵام پیویســتە لەمەودوا بیر لەبنەماکانی خێزان بکەنەوە و هەوڵبدەن کوڕان کچان وشــیاربکەنەوە سەبارەت بەوەی چۆن ژن و مێردی سەرکەوتوو دروست بکەین، تەرکیز لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان و خێزانی بەختەوەربکەن.

بەپێی ئەو ئامارەی دادگاری شــاری هەولێر کە لەشاری دهۆك لە ماوەی ئەو نۆ مانگــەدا بریتی بووە لە٤٩١ حاڵەتی جیابوونەوە، لەم بارەیەوە بەیار بیاقی توێژەری کۆمەڵایەتی لەدهۆك دەڵێ: لەهەموو وڵاتان پایتەختەکانیان بزاوتێکی کۆمەڵایەتی زۆر و بەردەوامیان تێدا بەدی دەکرێت، هەروەها ئازادی تاك لەپایتەخت زیاتر بوونی هەیە، ئەمە ســەرەڕای پتەوتربوونی پێگەی ئازادی و مافی مرۆڤ کە لەپایتەخت زیاتــر گرنگی پێدەدرێت ئەمەش لەبەر بوونــی ژمارەیەکی زیاتری ڕێکخراوەکانی

# تەڵاق لەکوردستاندا؟



کۆمەڵگەی مەدەنی و ناحکومییەکان (NGO) و میدیاکان بەهەموو شێوەکانییەوە، ئەمانەی باسم کردن هەموو سەنگ و پێگەیەکی زیاتر بە پایتەخت دەدەن، لەم نێوەندەدا ئافرەتیش زیاتر هەست بەبوونی ئازادی و مافەکانی خۆی دەکات و بەپێی تێگەیشتنی خۆی هەست بەجۆرێك لەیەکسانی دەکات بەرامبەر بەپیاو، هەروەها ئافرەت لەشارەکان بەڕاددەیەکی زۆر خاوەن بڕوانامەن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببێتە خاوەن سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆ ئەمەش هەستێکی وای لا دروست دەکات کە خۆی لەپیاو بەکەمتر دانەنێت

باری ئابووری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق

دکتۆر کاوە قەرەداغی پرۆفیسۆری یاریدەر لەبواری ئابووری لەزانکۆی سلێمانی پێیوایە هۆکارە ئابوورییەکان کاریگەری زۆریان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق دروست کردووە، دەڵێت «چونکە زۆر لەگەنجەکانی ئێمە لەقۆناغی دیاریکراودا هاوسەرگیری دەکەن، بەوردی بیر لەوەناکەنەوە کەچۆن بتوانن مامەڵە لەگەڵ ژیانی خۆیاندا بکەن، بەڵام کەدەکەونە نێو واقیعی پرۆسەکەوە تووشی زۆر گرفتی ئابووری دەبن، لەبەر ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهای پارە بەرەو دابەزین دەچێت و لەبەر هەڵئاوسانی ئابووری و بەهۆی زۆربوونی تەکنۆلۆژیاو ئامێرەکانی سەردەمەوە پێداویستیی مرۆڤ، ژیان بەرەو گرانی دەڕوات. (د. کاوە) ئەوەشدەخاتەڕوو کەئەوەی بەشێکی زۆر لەو گەنجانە بەر لەوەی بچنە نێو پرۆسەی ژنهێنان دەتوانن لەماڵی باوکیاندا لەیەك ژووردا ژیان بەرنە سەر، بەڵام کاتێك کێشە لەنێوان ژنەکەو کەسوکاری کوڕەکە دروست دەبێت، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان ماڵەکاندا پەرەدەسێنن و لەئەنجامدا کێشەکانی نێو خێزان زۆر دەبێت، لەم کاتەدا دەبێتە هۆی جودابوونەوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی باری ئابوورییەکی گونجاوەوە، یان زۆرجار بەهۆی گرانی و هەژارییەوە کوڕەکە لەجیاتی دەرفەتێکی کارکردن چەند دەرفەتێکی کاری بۆ دێتە پێش و دەیکات، بەیانیان لەکۆمپانیایەك ئێوارانیش کاری تەکسی دەکات، کچەکەش بەهەمان شێوە چەندین کار دەکات، لەم کاتەدا هەردووکیان لەجیاتی ئەوەی بتوانن ژیانێکی خۆش دروست بکەن هەست بەماندووبونێکی زۆر دەکەن لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە .

هەروەها پارێزەر ئاراس عەلی پارێزەر لەبواری یاسای باری کەسێتی سەبارەت بەهۆکارەکانی زیادبوونی تەڵاق دەڵێت: (بێگومان ڕێژەی تەڵاق لەشاری هەولێر بەشێوەیەکی زۆر ترسناك بەرز دەبێتەوە، ئەم بەرزبوونەوەیەش لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی زۆر ترسناك پەرەی سەندووە، بێگومان هۆکارەکان زۆرن، بەڵام گرنگترینیان دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یاسای فرەژنی کە زۆرترین گرفتی دروست کرد، ڕێژەیەکی زۆر لەپیاوان بۆئەوەی ژنی دووەم بهێنن ژنی یەکەم تەڵاق دەدەن، بێگومان زیادبوونی داوێن پیسیش هاندەرێکی سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەکە، ئەگەر تەماشا بکەین زۆرترین ئەو کەیسانەی تەڵاق لەپارێزگای هەولێر لەسەر داوای ژنەکان بوون بەشێوازی تەفریق بوون واتا زۆربەی هەرە زۆری تەڵاقەکان لەسەر داوای ژنەکانە کەمتر پیاوەکان تەڵاقیان دەدەن، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمتر پیاوەکان ژن تەڵاق دەدەن زیاتر ژنەکان داوای تەڵاق دەکەن، لەبەر ئەوە ژنەکان ناتوانن هیچ سوودێك لەمارەیی ببینن، چونکە لەکاتی تەڵاقدا پیاوەکە ژنەکەی ناچار دەکات کە واز لەهەموو مافەکانی بهێنێت).

بۆکەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق،پێویستە یاسایی فرەژنی هەمواربکرێت

د. بەشیر خلیل حەداد مامۆستای ئایینی و وتەبێژ لەمزگەوتی جەلیل خەیات پێیوایە یاسای فرەژنی هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، ئەو بڕگەیە کە ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگرێت خاڵێکی لاوازە دەڵێت «من یەکێك بووم لەوکەسانەی کە لەسەرەتاوە ڕەخنەم لەم یاسایە گرت و وتم ئەگەر پیاوێك بیەوێت ژن بهێنێت، ئەوا هەر دەیهێنێت بەڵکو یاساش ناتونێت ڕێگەی لێبگرێت وەك دەبینین ئەمڕۆ زۆر پیاو ژنی یەکەم تەڵاق دەدات و ژنی دووەم دەهێنێت، ئێمە ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین کەئەم یاسایە بگەڕێنینەوە بۆ پەرلەمان بەمەرجێك بتوانین زۆرینە بەدەست بهێنین بۆ هەموارکردنەوەی.

بەڵام زۆری گرفتەکان پێوەندییان بەمۆبایلەوە هەیە».

چارەسەرکردن بۆ نەمانی تەڵاق

یوسف عوسمان لەبارەی چارەسەرکردن بۆ کەمکردنەوەی تەڵاق وتی «بێگومان کۆمەڵێك خاڵ هەیە پێویستە هەوڵ بدرێت وەك چارەسەر بەکاربهێنرێت لەوانە

- وشیارکردنەوەی تاکەکان .
- دەستنیشانکردنی تەمەنی هاوسەرگیری.
- هۆشیاری هاوسەرگیری کەچۆن کەسێك هەڵدەبژێریت، واتا دەبێت تاك بزانێت ئەو کەسەی بەرامبەری لەسەر چ بنەمایەك هەڵدەبژێرێت.
- هەوڵبدرێت کەسی سێیەم دەست نەخاتە نێو ژیانی هاوسەرگیریەوە، واتا کەسوکار بیر لەوەبکەنەوە چۆن هاوسەرەکان بەیەك دەگەین و لێکیان نزیك بکەنەوە نەك ببنەهۆی تێکدانی هاوسەرەکان و دروستکردنی ناکۆکی لەنێوانیان.
- ئەو خەڵکانەی کەپرۆسەی هاوسەرگیری دەکەن دەبێت بیر لەوە بکەنەوە چۆن لەگەڵ یەکتردا دەتوانن بژین و لەچەمکی پێکەوەژیان بگەن هەرگیز بیر لەجیابوونەوە ناکەنەوە، لەبەر ئەوەی پێکەوژیان پیرۆزی خۆی هەیە».

خوێنــەری بەڕێز بــا پێکەوە ســەرنجێك لە ڕاز و گازندەیــەی تەنیا ســێ حاڵەتــدا بکەین کە فاکتەری سێکســیی هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە لەهەڵوەشاندنەوەی خێزانەکانیاندا:

١- مێردەکــەم زۆر خۆپەرســت بــوو لە کاتی جووتبووندا، هیچ پێشەکییەکی نەبوو، ڕاستەوخۆ سێکســی خۆی دەکرد و هیچ گوێی بە حەز و خواســتی من نەدەدا، هەر کەتەواو دەبوو یەکسەر دەکشــایە دواوە، ئیتر من تەواو ببوومایە یان نا. دایکــم نەخۆش کەوت و لەنەخۆشــخانە مایەوە، نەخۆشییەکەی قورس بوو، بەهۆی ئەوەی مێردەکەم میانەی باش نەبوو لەگەڵ دایکمدا، نەیدەهێشت بچم بۆ ســەردانی دایکم لە نەخۆشخانە، دایکم بەمە زۆر نائارام بوو، منیش ئەم هەلەم قۆستەوە بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت لەو ژیانە هاوســەرییەی هیچ چێژێکی سێکســیم لێنەدەبینــی، داوای جیابوونەوەم لێکرد لەدادگا داوام پێشــکەش کرد، دەســتم لەهەموو مافێکی خۆم هەڵگرت تەنیا بۆ ئەوەی ڕزگارم بێت.

٢- من هەستدەکەم توانایەکی سێکسیی نائاساییم هەیــە، مێردەکەم پێچەوانەی من بوو، ئەو بەپانزە ڕۆژ جارێك دەیتوانی بێتە لام و لەگەڵمدا بخەوێت، ناچار من شــەوە نا شــەوێك بەدەست خۆم تەواو دەکرد، هەستم دەکرد مــن هەمیشــە لەژێر ئەشــکەنجەیەکی جەســتەیی و دەروونیدا دەژیم، بۆیە کۆتاییم بەو ژیانە هاوسەرییە هێناو جیابوومەوە.

٣- مێردەکــەم زۆر کــەم تەرخەم بوو لەســێکس کردندا، هیــچ بایەخێکی ئەوتۆی بە من نەدەدا، هەستم دەکرد لەجیهانێکی تایبەتی خۆیدا دەژی، خەتی ئینتەرنێتی ڕاکێشــا بۆ ماڵەوە، ئەوەندەی بە ئینتەرنێتەوە ســەرقاڵ بــوو چارەکێکی ئەوە ڕووی لەمــن نەدەکرد وەك ئــەوەی لەو جیهانە ئەلەکترۆنییە چێژ زیاتــر وەربگرێت تاوەکو من، بۆیە بڕیارمــدا کۆتایی بەو ژیانە بهێنم، کەوتمە شەڕ پێفرۆشــتنی، هەر ڕۆژە کێشەیەکم لەگەڵدا دروســتدەکرد تــا دواجار ژیانــی خێزانیمان بوو بەدۆزەخ و جیابووینەوە.

• • •

ئەمە مشــتێکە لەخەروارێکــی زۆر و زەوەندی ژانکۆکانی بەشــێکی زۆر لەئافرەتانی کورد ئەم ســێ حاڵەتە لەو ئافرەتانە بــوون کە بۆیان لواوە یاخــود جورئەتــی ئەوەیان هەبووە کــە کۆتایی بەژانکــۆ سێکســییەکانیان بهێنــن ئەگەرچی بەجۆرێکی تر باجی ئەم هەڵوێســتانەیان دەدەنەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا. بەڵام ئاخۆ چەند نموونەی ئاوەهــا لەکۆمەڵگــەی ئێمــەدا هەبن لەنێــو ئافرەتانی هاوســەرداردا کە تەنانەت لەژێر لێویشەوە لەگەڵ خودی خۆشــیاندا باســی ناکــەن لەبەرخاتری منداڵ یان بێکەســی یان بێ چارەنووســی یان لەترســی توندوتیژی ئەو ڕەوشــە تاڵە پەسەند دەکەن؟. لەڕۆژگارێکــی وەك ئەمڕۆدا دیاردەی ناپاکی هاوســەری بۆتە دیاردەیەکــی بەرچاو لەکۆمەڵگەکەماندا دووبارە لەمەشــدا ئامادەیی فاکتەری سێکســی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت، بەداخەوە بەشێك لەو ئافرەتانەی لەو ڕەوشە نالەبارە سێکسییەدا زیندەگی دەکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا و لەبەر یەکێك یان زیاتر لەو فاکتەرانەی ئاماژەیان پێدرا جیانابنەوە لە هاوسەرەکانیان لەڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە ئەوا جۆرێکی تر لەجیابوونەوە هەڵدەبژێرن کەجیابوونەوەی ڕۆحییە، واتە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاســاییەوە گرێبەستە هاوســەرییەکە هەردەمێنێت و لەژێر یەك ساباتی خێزانیدا وەك دوو جەستە دەژین بەڵام بێ بەشداری پێکردنی ڕۆح، ئا لەم ســاتە وەختەوە زەمینە بۆ ناپاکی هاوسەریی دەڕەخسێت و ڕۆح و جەستەی ئافرەتەکە عەودالی ڕۆح و جەستەیەکی تر دەبێت



# ڕۆڵی فاکتەری سێکسی لە

لـــەدەرەوەی ژیانی هاوســـەریی و پێداویســـتییە سێکســـییەکانی پێ پڕ دەکاتەوە. کەواتە دەتوانین ئـــەم جۆرە ژیانە خێزانییانەش هەر بەهەڵوەشـــاوە هەژمـــار بکەین بـــەڵام هێندە هەیـــە لەڕووی یاساییەوە بەهەڵنەوەشاوە لەقەڵەم دەدرێن.

ئەگەر پێچەوانەی ئەم حاڵەتانەش وەربگرین کاتێك ئافرەت وەك پێویست وەڵامدانەوەی سێکسی نییە بۆ هاوســـەرەکەی جا لەبەر ناهۆشیاری بێت یان لەبەر هەر گرفتێکی دەروونی یان جەستەیی، وەك ئەوەی بەهۆی خەتەنەکردنەوە تووشـــی ساردی سێکسی هاتبێت، بەهەمان شێوە پیاوان دووچاری وەڕســـی و بێـــزاری دەبن لەم جۆرە هاوســـەرانە کـــە هەندێکیـــان لەژێر بیانـــوو و هۆهێنانەوەی جۆراوجۆردا ژنەکانیان تـــەڵاق دەدەن یاخود پەنا بۆ فرەژنـــی دەبەن یاخود دەســـت دەدەنە ناپاکی هاوسەریی.

کەواتە دەتوانین بڵێین سێکس وەك خۆی گرنگی خـــۆی پێنادرێت لەناو خێزانـــی کوردیدا و لەناو بەشـــێکی زۆر لەخێزانەکانـــدا وەك حاڵەتێکـــی سەرپێیی و پەراوێزخراو لێی دەڕوانرێت، لەکاتێکدا لەبیرکردنەوەی هەموو تاکێکـــدا ئامادەگییەکی بەهێـــزی هەیە چونکـــە بەیەکێـــك لەبەهێزترین پاڵنەرەکانی مـــرۆڤ دادەنرێت، بێگومان مرۆڤی کوردیش وەك هەموو مرۆڤێکی تر هەڵگری ئەم پاڵنەرەیە وەلێ کەمی هۆشیاری لەم بـــوارەدا کارێکـــی ئەوتۆی کـــردووە کە تاکـــی کورد نەیتوانیوە تەوزیفی وزە سێکســـییەکانی بـــکات بەجۆرێك ئاســـوودەیی و ئارامـــی و دڵنیایـــی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ دەســـتەبەر بکات لەچوارچێوەی خێزاندا بەپێچەوانـــەوە لەهەندێ باردا بۆتە هۆی دوور کەوتنـــەوەی ڕۆحەکان و هەڵوەشـــاندنەوەی خێزانەکان.

لەم سۆنگەیەوە جێی خۆیەتی کە بیر لەئامادەکردنی لاوانمان بکەینەوە پێش چوونە ژیانی هاوســـەری تاکـــو هیچ نەبێـــت ئـــەوەی لـــە قوتابخانە و پرۆگرامەکانـــی خوێندنـــدا چنگـــی ناکەوێت سەبارەت بەســـایکۆلۆژیای ڕەگەزی بەرامبەر و ئەو بۆشـــاییە گەورەیەی لەبواری پەروەردەکردنی سێکسیدا هەیە، ئەوەی لەمیدیاکاندا قسە و باسی لێوە ناکرێت، بتوانرێت لەشێوەی خولی هۆشیاری ئامادەکاریدا پێیان بگات، تاکو چیتر ئەو بیرۆکە و زانیارییـــە هەڵانـــەی لە کـــۆڵان و لەدەمی کەســـانی نەشـــارەزاوە پێیان دەگات یان نەریتە کۆمەڵایەتییانەی وەك مۆتەکە دەســـتی لەبینە قاقـــای گەنجانمان ناوە نەبنە کۆت و پێوەندێکی وەها کـــە تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان وەك دیلێکی ناهۆشیار مامەڵە بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا و ئەو هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەش ڕوو لەکەمـــی بکەن نەك بەتەواوی باڵ بەســـەر کۆمەڵگەکەماندا بکێشن.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە، کە حاڵەتەکانی لاوازی سێکســـیی لای پیاوان و ساردی سێکسیی لای ئافرەتـــان، چ لـــەڕووی پزیشـــکی و چ لـــە ڕ و و ی دەروونییەوە چارەســـەری تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە هەموو بەدەنگەوە نەچوونێك بۆ چارەسەرکردن و شاردنەوەی ئەم ژانکۆ سێکسییانە بە زیانێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەشکێتەوە چ بۆ خودی هاوســـەرەکە و چ بۆ کۆی ژیانە هاوسەرییەکە.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو هاوسەرانەی ئەمجۆرە کێشانەیان هەیە ئامادەن درێژە بەژانکۆکانیان بدەن و بەردەوام لە بارێکـــی دەروونی و کۆمەڵایەتی دژواردا بژیـــن بەڵام بەهۆی بـــە عەیب زانینی دانپیـــادان بەبوونـــی ئەم کێشـــانە، ســـەردانی پزیشـــکی تایبەت و پزیشکە دەروونییەکان ناکەن، ئەوەندەی پەیوەســـتە بەپیاوانەوە، ئەم مەســـەلەیە وەهـــا تەماشـــای دەکرێت کە لە شـــکۆمەندی پیاو کەمدەکاتـــەوە، بەڵام لەڕاســـتیدا بەمجۆرە نییە، چونکـــە درێژەپێدانی ئەم حاڵەتە بەجۆرێك لە پێشـــێلکردنی مافـــی بەرامبەریش دادەنرێت، وە هەنـــدێ بیروڕای تر هەیە کـــە بەجۆرێك لە توندوتیژی هەژمار دەکرێت.

بۆیە لەجێی ئەوەی بوونی کێشـــە سێکسییەکان لەناو خێزاندا ملی ڕێگەی دادگا بە هاوســـەران بگرێتەبەر، دروســـت وایە ســـەردانی پزیشـــکی پسپۆڕ بکەن و چارەســـەری گونجاو وەربگرن بۆ تێپەڕاندنی ئەم حاڵەتانـــە، لەهەندێ باردا مەرج نییە بوونی گرفتی سێکسیی بگەڕێتەوە بۆ بوونی کێشـــەیەکی جەســـتەیی یان هۆرمۆنی، چونکە کێشە و نەخۆشـــییە دەروونییەکانیش فاکتەرێکن لە دروستبوونی کێشە سێکسییەکاندا، وە هەندێ جار حاڵەتەکان لەئاستێکدایە کە تەنیا بەڕێنمایی دەروونی لەلایەن دەروونناسەوە چارەسەر دەکرێت.

کەواتـــە ئەرکـــی دامـــودەزگا پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکانە، کە هۆشیاری دروســـت و لەچوارچێوەی ئادابی گشتی کۆمەڵگەدا، کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکەن لەمبوارەدا.



# هەڵوەشاندنەوەی خێزاندا